13-7-2005 23:23بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# دیمانەیەک لەگەڵ عەلی مەحمود بەرپرسی ناوەندی هەڵەبجە - چاک

سازدانی: ساسان دەروێش
هۆڵەندا



رۆژی هەینی رێکەوتی 2005/6/10 بەشی دووەم و بەردەوامی دادگایی کردنی فرانس ڤان ئەنرات. گەورەبازرگانی چەکی کیمیاوی هۆڵەندی لەکاتژمێری 10ی سەر لە بەیانی لەناونیشانی دادگای لاهای ( Justitie (Gerechtshof لە شاری دێن هاخ لەشەقامی (Prnsclauslaan 60) بەئامادەبوونی نوێنەرانی ناوەندی هەڵەبجەودژبەئەنفال وجینۆسایدکردنی کورد-چاک و رەوەندی کوردودۆستانی کوردلە پەرلەمانتاروکەسایەتی سیاسی وناوداری هۆڵەندی و بە شێک لە میدیاکانی جیهانی وهۆڵەندی وکوردی بە رێوەچوو. کەدرێژەپێ دەری یەکەم دانیشتنی دادگایی کردنی تاوانباری ناوبراوە کە لەرۆژی

هەینی رێکەوتی 2005/3/18 لە شاری رۆتردام لە دادگای (beveiligdezaal) لە شەقامی بەنجام گەیەنرا. بە ئامادەبوونی کۆمیتەی بەدادگایکردنی تاوانبار فرانس ڤان (Posthumumalaan 74)

ئەنرات لەناوەندی هەڵەبجە- چاک وبەشێک لەرەوەندی کوردوئەندام پەرلەمانتاری دۆستی نزیکی کورد خاتووکر یستا ڤان فێلزن لە لە سەرلیستی پارتی سۆسیالیستی هۆڵەندی ویەک دوودۆستی کوردی هۆڵەندی ئامادەبوون.




بۆیەبەپێویستمان زانی. لەدوای کۆتایی هێنانی بەشی دووەم وچاوەڕوان کردن بۆبەشی سێ هەمی دادگای کردنەکە. ئەم دیمانەکورتەمان لەگەڵ بەرێزکاک عەلی مەحمود محەمەد بەرپرسی ناوەندی هەڵەبجەودژبەئەنفال وجینۆسایدکردنی کورد – چاک. کرد.

پ/ دەتوانی پێمان بڵێ ی دۆسیەی دادگایی تاوانبار فرانس ڤان ئەنرات بەچی گەیشتوە؟

و/ لە دانیشتنی بەرواری 2005 /6/10 دا. دادگا لێکۆڵینەوەی کرد. لەوراپۆرتەی لەچەندمانگی رابردوودا.

وەزارەتی داد ئامادەیان کردبوو. لەلایەن رێزدارفریدتێغنیس. بەرپرسی وەزارەتی داد. کەسەرپەرشتی تەواوی کێسەکەدەکات. پێشکەش کرابوو. ئەوەی جێگای خۆشیە. بەرێزی باوەری وایە. ئەنرات بەرپرسەلەکوشت وبڕ ی خەڵکی کوردستان بەچەکی کیمیاوی. لە لێکۆڵینەوەوسەردانەکانیان بۆ ژاپۆن وسەردەشت وئەبادان وسویسراوئۆردن وسەنگافورەو ئەمەریکا. توێژینەوەی ووردییان لەسەربازرگانی بەچەکی کیمیاوی و بەکارهێنانی ئەوچەکانەلەلایەن رژێمی عێراقەوەئەنجام دابوو.

لەووڵاتی یابان چاویان بەکەسانی بەرپرسی کۆمپانییای چالس – تەنەکە کەوتووە. کەلەسەرەتاوە سەرچاوەی گرنگی بازرگانی بەچەکی کیمیاوی بوونە بۆ فرانس ڤان ئەنرات. چونکە یابان کۆنترۆڵی لەسەربازرگانی بەچەکی کیمیاوییەوەنەبووە لەوسە ردەمەدا. لەم خولەداجارێکی دیکە زیندانیکردنی ناوبراوییان بۆ3 مانگی دیکەدرێژەپێداکەپارێزەرانی تاوانبارداوای ئازادکردنییان کردبوو. بەڵام دادوەرداواکەیانی ڕەتکردەوە.

پ/ چ جیاوازیەکت بەدی کردلەهەردووبەشی یەکەم ودووەمی دادگایەکەی فرانس ڤان ئەنرات؟

و/ لەم بەشەدا دەرکەوت پرۆسەی دادگاییەکە تەنهابەوەندەوە نەوەستاوەچەندکوردێک وڕێکخراوێک و تاوانبارێک بهێننە پای دادگا. بەڵکە بەولاترەوە ڕۆیشتوە. کۆمپانییاکانی بەرهەم هێنانی چەکی کیمیاوی. بازرگانان ودەوڵەتان دێنەپای دادگاییەکە. بۆیە دەشێت بڵێین هەلێکی باش وزێڕینمان بۆڕێک کەوتووە بالەدەستی نەدەین. دەزانن دادگایی کردنی کۆمپانییاوناوەندەکان لەپای کۆمەڵکوژی چ مانایەکی هەیە؟؟

مانای ئەوە یە لەداهاتوودائەوچەکانەی کوردی پێ قەسابی کراوە. ئەولوغمەی پێماناتەقیوەتەوە. ئەفڕۆکەوکۆپتەرەی بۆردوومانمان وڕاومانی کردووە. هەموودروست کەران وبازرگانانییان دەهێنرێنەپای دادگا. ئەگەر لەم قۆناغەداکۆمپانیاکانی بەرهەم هێنی چەکی کیمیاوی بێت. لەداهاتوودائەوانیش دەگرێتەوە. پەلەمەکەن مرۆڤایەتی بەرەوئەوقۆناغەبەخێرایی هەنگاوی مەزن دەنێت.



پ/ ڕەوەندی کوردوحکومەتی یەککگرتوی کوردستان چی دەتوانن بکەن بۆزیاتربەرەوپێشچوونی دادگایی کردنەکە؟

و/ دادگایی فرانس ڤان ئەنرات دووخولی دیکەی ماوە. خولی سێیەمی لە 2005/9/2 جارێکی دیکەلە شاری لاهای لە هەمان شوێنی پێشووبەڕێوەدەچێت. وەکو پێشتر ڕامان گەیاندئەنرات بۆخولی دووەمی دادگاییەکەئامادە نەبوو. وەک نارەزایەتییەک لەبەرامبەرخۆپیشاندانی کوردەکان لەخولی یەکەمی دادگایەکە. ئەونیگەران بوو لەوەی وێنەی قوربانییانی کوردبووەمیوانی سەرجەم ڕاگەیاندنەکانی هۆڵەنداوئەوروپاوجیهان. شەرمەزاربووبەرامبەربەوێنەی عومەری خاوەر. ئەومناڵانەی بەچەکەکانی ئەوبووبوونەقوربانی. دەم وچاوی شێواویان. وویژدانی هەموومرۆڤێکی هەژاند. لەبەرامبەردائەوتەنهالەیەک سەفقەدا1000000 یۆری دەسکەوت بوو. بۆیەبەشداری کوردەکان زۆرگرنگی خۆی هەیە.

بۆ حکومەتی یەککگرتووی کوردستانیش ئێمەبۆجارێکی دیکەش بانگەوازیان دەکەین بۆ هاوکاری ودەستگرتنمان. کۆنفرانس وکۆبوونەوەوقسەکانی پشت مێزەکان ئەوان تائێستاهیچ بەرهەمێکی نەبووەونابێت. سەردەمی کاری پراتیکە. سەرکەوتنی دادگایی ئەنرات. سەرکەوتنی کێسی دادگایی تەواوی کۆمپانیاوئەودەوڵەتانەیە. لەبەرهەم هێنانی چەکی کیمیاوی ڕۆڵییان هەبووە. ئەمەئەوڕێگاسانایەیە. تازەلەلایەن کوردە وە دۆزراوەتەوە.

لەلوتکەوەبتوانیین بەسانایی تاوانباران بهێنەپای دادگا. لێرەدائەم چاوپێکەوتنەدەقۆزینەوەبۆداواکردن لەحکومەتی کوردستان بۆ هاوکاریمان بەتایبەت لەکاتی هاتنی وەفدی وەزارەتی دادی هۆڵەندی بۆکوردستان وپێشکەش کردنی بەڵگەوزانیاری لەسەرئەنرات وڕێزگرتنی وەفدەکەکاری ئەوانە. وەک پێشترباسم کرد لایەنگری دۆزەکەمانن.

پ/ هاتنی پارێزەرەکانی تاوان بار فرانس لەبری خۆی هیچ گرنگیەکیان هەبوو؟
و/ پارێزەرەکانی داوای ئازادکردنییان کرد. بەڵام سەرکەوتوونەبوون.
پ/ هۆی بڕیاردان بۆبەشی سێ یەمی دادگایەکەلەوادەی دیاری کراو لە 2005/9/2 لە شاری دانهاخ بۆ؟
و/ ئەم بڕیارە لە سەرەتاوەنەخشەی دادگابوو. پەیوەندی بەبەشی دووەمی دادگاییەکەوەنەبوو. لەزوەکەوەئاگاداری مێژووی خولی دادگاییەکان بووین. لەئێستاوەبۆئەوکات. دادگا نوێنەرانی خۆی دەنێرێت بۆکوردستان. تالەوێش لێکۆڵینەوەی ڕاستەوخۆی خۆیان لەسەرتاوانەکانی ئەنرات ئەنجام دەدەن. لەنزیکەوەگوێ بیستی مەینەتی قوربانییان وبارستایی تاوانەکان دەبن. ئەوجاڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش دەکەن.
پ/ بە پێ ی ئەوبانگەوازانەتان کە بۆ کۆمەک کردنتان کردوتانەودادگایەکەخەرجی زۆری دەوێ. خەرجیەکەتان دابین کردووەیان ماوە؟
و/ وەک لیستی کۆمەکەکانتان بینی منالان داخیلەی خۆیان بەخشیوە. هاووڵاتیان لەدەمی خۆیان گرتۆتەوە. چەندکەسایەتییەکی سیاسی وبزنسمانیکی کوردی. مەڵبەندی دەرەوەی ینک کۆمەکیان پێمان کردووە. هیوادارین پارت ولایەن وکەسایەتییەکان دیکەش هاوکاریمان بکەن. چونکەئەم پڕۆسەیەلەدادگایی ئەنرات کۆتایی نایات. دەڕوات تاهەمووئەوانەی چەکەکانییان کوردی شەهیدکردووەدەدۆزرێتەوەودەیانهێنێتە پای دادگا.
پ/ چی بەوکەسانە دەڵێن کەهاوکاری وکۆمەکیان کردوون بۆکارێکی واگەورەوگرنگ؟
و/ جگە لەسوپاس وپێزانین. دەڵێین هەردۆلارێک ئەوان داویانەجێی خۆی لە دادگایی تاوانباران دەگرێت. بەباوان دلێرکە داخیلەکەی پێمان بەخشیوەدەڵێین سوێند بە دڵسۆزیت بە ئامانە تەوەکۆمەکەکەت لێ وەربگرین وشوێن خۆی بگرێت.
پ/ ئامادەبوونی ڕەوەندی کوردوبەشداریان چۆن بوولەگەڵ میدیاکوردیەکان؟
و/ دادگاییەکە کاتەکانی لەگەڵ کاتی کاروقوتابخانەدایە. بۆ یە زۆرکەس ناتوانن بەشداری بکەن. هیوادارین لەداهاتوودا جەماوەرێکی زیاتر ئامادەبن لە پرۆسەی دادگاییەکانداوەک دەزانن دەیان کەناڵی ڕاگەیاندنی ناسراوی بێگانەبەشداردەبن. بۆیە کارایی سیاسی زۆر زیاتر ە لە هە موو چالاکیەکوردییەکانی دیکە. باوەڕ ناکەم هیچ چالاکیەکی کوردی تائێستالەهەندەران. ڕاگەیاندن ئەوەندەی بەوقەبارەوبارستاییەگرنگیان پێی دابێت. بۆیە داوادەکەین لەداهاتوداجەماوەرزیاتر بەشداری بکەن. ڕاگەیاننەکوردییەکان بەگوێرەی پێویست گرنگیان پێ نەداوە. یاخود هەوڵییان داوەبەلایەکی دیکەدابیبەن. هیوادارین لەداهاتووداڕاستگۆیانەمامەڵە لەگەڵ ئەم کێسەدابکەن. بەدوای هەواڵەوەبن نەک فر ت وفیڵی سیاسی. بەڕاستی تەلەفزیۆنی ڕۆژورۆژنامە ی
پەیامی کوردو سایدەکوردییەکان ڕاستگۆترین ڕاگەیاندنی کوردی بوونەلەبەرامبەربەم پرۆسەیە. بەویژدانەوەمامەڵەیان کردووە.
پ/ وەزارەتی دادی هۆڵەندی بانگەوازی بۆ کۆمەڵێک کەسایەتی کوردوعەرەب کرد. ئایا بۆ چ مەبەستێ بوو. وەیان هیچ کەس لەوکەسایەتیانە هاتن بەدەنگیانەوە؟
و/ ئەوکەسایەتیانەبەگوێرەی مەوقعیەتی کارییان بانگ کراون. لە پیاوانی ڕژێمەوە بۆکەسایەتی پێشمەرگە. قوربانییانی تێدایە. بەشێکیان خۆمان دیاریمان کردوونە. بۆ مەبەستی ئەوەیەچۆن لەداهاتووداخەڵکی سەردەشت بانگ دەکرێن بۆدادگالەبەرواری 17/ 2005/11 بە هەمان شێوەقوربانییانی هەڵەبجەوئەنفالیش پاش چاوپێکەوتن لەگەڵیان. چەندکەسێکیان وەک شایەد بانگ دەکرێن بۆدادگالەهۆڵەندا. بە تایبەت شایەد بەسەرتاوانبارەوە. پاش ئەوەی لەکوردستان چاوپێکەوتنییان لەگەڵ دەکەن. تائێستابەڕیز حامیدی حاجی غالی ئامادەیی خۆی دەربڕیوە. لەسەرحسابی خۆی بێت بۆهۆڵەندابۆ

شایەدی دان. ئەمەش شایانی ڕێزە. هاوکات دەمەوێت ئەوەڕابگەیەنیین هەوڵ ئەدەین لەداهاتوودا کە وەفدی حکومەتی هۆڵەندی سەردانی کوردستان دەکەن. شێوەی فەرمی وەربگرێت وپەیوەندی بەحکومەتی کوردستانەوەبکات. ئەوانیش بتوانن زۆرترین زانیاری بەرفراوانترین کۆمەڵی قوربانییانیان پێ ئاشنابکەن. تاکاریگەری زیاترلەکێسەکەبکەن.

پ/ بەڕای جەنابتان. وەرگرتنی زانیاری لەم کەسایەتیانە. هیچ گرنگیەکی هەیە بۆ دۆسیەکە؟

و/ بەڵێ ئۆفیسێری وەزارەتی داد سەرپەرشتی ئەو سەردانە دەکات. زانیاری ئەو بەڕێزانە جگەلەوەی بۆئەم دۆسیە یەگرنگە. هاوکات لەبیری نەکەین ئەوزانیياریانەدەبێتە بەشیک لەدۆسیەیەک بۆبەفەرمی ناسینی پرۆسەی جینۆسایدکردنی گەلی کورد. کەپاش پرۆسەی دادگاییەکە پێی هەڵدەستین. بۆ ئاڵۆزنەکردنی پرۆسەی دادگاییەکە. دۆستمان لەپەرلەمانی هۆڵەندی هۆشیارمانیان کردەوەکەجارێ ئەوداخوازیەدوابخەین. زانیاری ئەوان گرنگیەکی زۆری مێژوویی دەبێت. هیوادارم سەرکەوتووبین.

پ/ دواووتەت چی یەکەنەوترابێ؟

و/ دواووتەم سوپاسی تۆدەکەم. ئەوکارانەی تۆکردووتەکەمترنەبووە لە وەی ئێمەپێی هەڵساوین وەک تاک. بەردەوام بەدڵسۆزییەوە لە گەڵمان بوویتە بۆیەشایستەی سوپاسیت. هەروەهاسوپاسی هەمووهاوکاران وبەشداربووان دەکەم لەکۆبوونەوەکانی بەردەم هۆڵی دادگاییەکە. هەمووئەوانەی ئامادەی شکایەتکردن بوو نەلەتاوانبار. ئەوانەشی لە داهاتووداهاوکاردەبن. هاوکات داوالەهەموولایەک دەکەم بە دڵسۆزییەوە بۆ وەفاداربوون.



بەرامبەربەقوربانییانمان پەیوەست بن بەم کەمپینەوە. هەروەهانابێت لەیادمان بچیت ئەگەرپارتی سۆسیالیستی هۆڵەندی وچەندکەسایەتییەکی هۆڵەندی نەبونایە. ئەم کارەبەوئەنجامەنەک ناگەیی بگرەنامان توانی دەستیشی پێ بکەین. هەروەهانابێت ڕۆڵی کاک ئەمیر قادر لەیادبکەین ماندوترین کەس بووەبەدادگایی ئەنراتەوە.


'Nooit meer'
vervolgd worden
18 3 2005


18 3 2005


18 3 2005


18 3 2005


18 3 2005


De zielen van Halabja wenen en smeken


18 3 2005

www.kurdistannet.org

يەكاتى ناوەندى ئەوروپا13-7-2005 23:23







HALABJA
16.3.1988
18 3 2005


WHY!